سەماحەتی حەکیم داوا لە لاوان دەکات بەشێوەیەکی کاریگەر و ژیرانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکات

لە کاتی سەردانی کردنی هۆزی ئال فەتلە و لە میوانی برای ئازیز جەناب شێخ هادی فەتلاوی، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە رۆژی 13-7-2023 چاوی کەوت بە کۆمەلیك شێخ و پیاوە دیارەکان و بەهرەمەندەکانی ناوچەی بەغدای جدیدە لەوە باسی بیرەوەرییەکانی ئەو هۆزەی بەدرێژایی مێژووی بریسکەداری کرد و ئاماژەی بە ئامادەبوونی لە سەر ئاستی عێراق بەتایبەتی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران کرد، دواتر هەڵوەستەیەکی لەسەر ژیانی تێکۆشەر عەبدولواحد ئال سوکەر کرد(خوا لێی خۆش بێت) ڕوونیشی کردەوە کە ناوچەی بغداد جدیدە یەکێکە لەو ناوچانەی عێراقە کە فرە پێکهاتەیی لەخۆوە گرتوە ئەو فرەییەش یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی عێراق، داواشی کرد بەڕێوەبەردنی دۆخەکە بەشێوەیەکی دروست بڕوات بەڕێوە بەشێوەیەك کە سەنگی کۆمەڵایەتی و کەلتور و باری رۆشەنبیری بەهەند هەڵبگرێت.

سەماحەتی داواشی کرد هەڵوەستەیەك لەسەر سەرژمێری کۆمەڵگای تازەی عێراق بکرێت ئەوەی کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانان دەرچووە، کە ڕوونی کردوەتەوە کە ڕێژەی چینی لاوان بەشێوەیەکی بەرچاو لە زیادبوون دایە، ئەوەش دەمانخاتە بەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك و چانسێکی گەورە بۆ قۆستنەوە و بەگەڕ خستنی ئەو هەموو توانایانە، دووپاتیشی کردەوە کە ڕەوتی حیکمە لە پێشەنگی ئەوانەیە کە سەرنجی بە لایەنی زۆربوونی توێژی لاوان داوە و داوای کردوە کە لەباوەش بگیرێن و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، گوتیشی لەباوەشگرتنی چینی لاوان و سەرپەرشتی کردنیان، واتای بەهێزکردنی کۆمەڵگایە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد، کە عێراقییەکتن باجی هەندێك ئەجیندای ناوخۆیی و دەرەکییان دا کە بۆچوونەکانیان جیاواز بوون بەڵام لەسەر یەکشت کۆك بوون کە ئەویش لاوازکردنی عێراق بوو بەوەی تاقیکردنەوەی سیاسییە تازەکەی بەکەنە ئامانج و لاوازی بکەن، ڕوونیشی کردوە کە عێراق کێشەی ئەمنی تێپەڕ کردوە و ڕووبەڕووی داعش بووەوە ئەویش بە پیرۆزی فەتوای مەرجەعیەی ئاینی باڵاو ئازایەتی هۆزە عێراقییەکان، هەروەها ستایشی ئەو دۆخە تەباییەی کۆمەڵگاو گەڕانەوەی بۆ دۆخی پێشووی کرد.

لەڕووی سیاسی سەماحەتی گوتی ئەو پێشکەوتنەی لەڕووی سیاسی بەدی دەکرێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ توانای بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان و ڕێکەوتن لەسەر شێوازی ئەوە، لەوانە وازهێنان لە ململانەی سیاسی و یەکتر شکاندن و سووکایەتی پێکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕوونیشی کردوە کە ڕکابەری داهاتوو لەدوو خاڵ بەدی دەکرێت یەکەمین ئابووریە ئەویش شێوازی بەڕێوەبردنی داهاتەکانی وڵاتە بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵەکانی، دووپاتیشی کردوە کە ئەزموونی سەرۆك وەزیران لەبواری ڕیزبەندی وەزیفی و بایەخدانی بە لایەنی خزمەتگوزاری مایەی گەشبینییە لە سەرکەوتنی لە هەوڵەکانی و جەختی کردەوە لەسەر بەڵاوکردنەوەی کەشێکی ئەرێنی و وازهێنان لە زمانی نەرێنی کوێرانە.

لەڕووی هەڵبژاردنەوە داوای کرد بەشێوەیەکی بەرفراوان و کاریگەر و ژیرانە لە هەلبژاردنەکان بەشداری بکەن و خەڵکی کارامە و ئیشکەر و سەرڕاست و زیرەك و دڵسووتاو بۆ ڕۆڵەکانی گەل و ناوچەکە هەڵبژێرن، ڕوونیشی کردوە کە بەغدا جدیدە زۆر گرنگە لەڕووی شارەوانی و کارەبا خزمەت بکرێت، هەروەها دووپاتی کردوە کە پێویستە هاولاتی دەنگەر ناسنامەی بایۆمەتری تازە بکاتەوە، لاوانیشی هاندا بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکتن بکەن لەبەر ئەوەی ئەوە دەربڕینی نیشتمان پەروەری و ئینتمایە بۆ وڵات، هەروەها سەماحەتی گوتیشی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانیش گرنگە بۆ هەلی دارایی کە بودجە دابینی دەکات و پێش ئەویش یاسای ئەمنی خۆراك کە ڕۆڵی هەیە لە چەسپاندنی لا مەرکەزیەتی بەڕێوە بردن کە تێیدا هاتوە.